Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.27

# تەکنیکی نێودەق لە گێڕانەوەی پاشنوێخوازی لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەرهارانی بەختیار عەلی دا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Bahoz Abdullah Mustafa
bahusmostafa79@gmail.com

RECEIVED :26 /06/2025
ACCEPTED :13/08/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**باهۆزعبدالله مصطفى**/بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین-أربیل،هەرێمی کوردستان ،عێراق،

**محسن ئەحمەد عومەر**/بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین-أربیل،هەرێمی کوردستان ،عێراق،

**وشە سەرەکییەکان:**
پاشنوێخوازی،
ڕۆمان،
پوچی،
فرەدەنگی،
نێودەق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ( تەکنیکی نێودەق لە گێڕانەوەی پاشنوێخوازی لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەرهارانی بەختیار عەلیدا). هەوڵێکە بۆ ناساندن و پێناسەکردنی پاشنوێخوازی، ڕوونکردنەوەی ئەو چەمکە و مێژوویی سەرهەڵدانی، هەروەها خستنەڕووی بەشێک لە بیرمەندەکانی پاشنوێخوازی. ئینجا شیکردنەوە و پێناسەکردنی تەکنیکی (نێودەق) لە گێڕانەوەی پاشنوێخوازی و هێنانەوەی نموونە لە ڕۆمانی کوردی. میتۆدی توێژینەوەکە (وەسفی _ شیکاریی)یە، بە پشتبەستن بە تێڕوانین و دیدگای بیرمەندانی پاشنوێخوازی، پاشان نموونەمان بۆ بابەتەکە هێناوەتەوە و شیکردنەوەی بۆ کراوە. کێشەی توێژینەوەکە ئەوەبوو تا ئێستا پاشنوێخوازی و تەکنیکی گێڕانەوەی پاشنوێخوازی وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە و بە تەواوەتی نەناسراوە و سەرچاوەی پێویست لەبەردەستدا نییە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گرنگیدانە بە ناساندنی پاشنوێخوازی و تەکنیکی گێڕانەوەی پاشنوێخوازییە بە تایبەتی تەکنیکی (نێودەق) لە ڕۆمانی کوردیدا و کەشفکردن و خستنەڕووی لایەنە شاراوەکانیەتی.

لەم توێژینەوەیەدا توانراوە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆمانی کوردی بە شێوەیەکی سنووردار کاری بە تەکنیکەکانی پاشنوێخوازی کردووە. هەروەها تەکنیکی نێودەق لە ڕۆمانی کوردیدا بە شێوازی هونەری کاری لەسەرکراوە، بەتایبەتی لەو نموونەی وەرمانگرتووە، هەردوو جۆری تەکنیکی نێودەقی ناوەکی و دەرەکی لە چەند ڕۆمانێکی کوردی سوودیان لێوەرگیراوە. وێڕای ئەمانەش چەند ڕۆمانێکی کوردی توانیویانە ئاستی هونەری ڕۆمانی کوردی بەرز بکەنەوە بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی گێڕانەوەی پاشنوێخوازی.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1- پێشەکی :

تەکنیک و هونەرەکانی گێڕانەوەی رۆمانی پاشنوێخوازی یەکێ لە کاریگەرترین خەسڵەتە ئەدەبی ئەدەبییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و سەدەی بیست و یەکەمە، ئەم خەسڵەتە شێواز و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ڕۆمانی نوێخوازی ڕەت دەکاتەوە یان لێی هەڵدەگەڕێتەوە. ئەم جۆرە ڕۆمانە تەنها شێوازێکی نووسین نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەیەکی قووڵی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، کولتوورییەکان، سیاسی و تەکنۆلۆژییەکانی سەردەمەکەی خۆیەتی. بۆ تێگەیشتنی قووڵتر لەم شێوازە هونەرییە، پێویستە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی، تەکنیک و تێما جیاوازەکانی، ئامانجەکانی و کاریگەرییە بەربڵاوەکەی لەسەر ئەدەبیاتی جیهانی بزانین.

بۆ ئەوەی بزانین ڕۆمانی پاشنوێخوازی بۆچی و چۆن سەریهەڵدا؟ پێویستە سەیری چوارچێوەی مێژوویی و فکرییەکەی بکەین، کە ئەم جوڵانەوەیە لە ناویدا دروست بووە، چەقبەستووی سەردەمی نوێ و ڕەخنەی پاشنوێخوازی بەرانبەر نوێخوازی لە (سەرەتای سەدەی ٢٠ تا ناوەڕاستەکەی) خەریکی پێشکەشکردنی شێوازێکی نوێی بینینی جیهان بوو، بەڵام زۆرجار لەسەر بنەمای باوەڕ بە گێڕانەوەی گەورە بوو، تیۆرە گەورەکانی مێتافیزیک، مێژوو، زانست و بزووتنەوەکانی وەک (مارکسیزم، فرۆیدیزم، کاپیتالیزم)، کە پێیان وابوو دەکرێت ڕاستییەکانی جیهان ڕێک بخەن و چارەسەری کێشەکانی مرۆڤایەتی بکەن. ڕۆمانی نوێ وەک کارەکانی (جەیمس جۆیس، ڤێرجینیا وولف، فرانتس کافکا) زۆر جار خەریکی تاقیکردنەوە لەسەر فۆرم و زمان بوون، بەڵام هێشتا لەسەر بنەمای باوەڕ بە توانای هونەر بۆ گەیشتن بە قووڵاییە دەروونییەکان یان ڕاستییە بنەڕەتییەکان بوو. پاشنوێخوازی وەک وەڵامدانەوەیەک بەرانبەر شکستی ئەو گەورەییە هاتە ئاراوە. دوای ڕووداوە مەزنە هاوچەرخەکان وەک جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم، هۆلۆکۆست، بەکارهێنانی چەکی ناوەکی، کۆلۆنیالیزم، و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک نایەکسانی، ڕەگەزپەرستی، کاپیتاڵیزم، باوەڕ بەو تیۆرانەی کە پێیان وابوو جیهان ڕێک بخەن و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەدەستبهێنن زۆر لاواز بوو. پاشنوێخوازی ئەو گەورەییەی بە چیرۆک دەدیت و دەبینێت، کە لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانەوە دروست کراوە بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا. ڕۆمانی پاشنوێخوازی بە شێوەیەکی سەرەکی خەریکی ڕەخنەگرتنە لەم گەورەییە و نیشاندانی شکستەکانیان بوو. لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر تەکنیکی نێودەق کراوە کە بابەتێکی تازەیە لە ئەدەبی کوردیدا، هێشتان توێژینەوەی بەرفرەوان لەم بارەیەوە زۆر کەمە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بەدوای ئەو تەکنیکانەدا دەگەڕێت کە لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەهارانی بەختیار عەلیدا مەزرێندراون.

### 1-1 ناونیشانی توێژینەوەکە

ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتییە لە ( تەکنیکی نێودەق لە گێڕانەوەی پاشنوێخوازی لە ڕۆمانی نەفرەتی نەوبەرهارانی بەختیار عەلیدا).

### 1-2پرسیاری توێژینەوەکە

هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە دەڵێن ئایا تەکنیکی پاشنوێخوازی هەیە لە ڕۆمانی کوردی، ئەگەر هەیە کامانەن؟ گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە کار دەکات لەسەر نوێترین بابەتی ئەدەبی کە هەنووکە لە جیهاندا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر دەکرێت. ئەویش تەکنیکی گێڕانەوەی پاشنوێخوازییە، بەتایبەتیش تەکنیکی نێودەق، کە ئەم تەکنیکە هەم وەک بنەما، هەم وەک بابەت توخمێکی سەرەکی ژانری ڕۆمانە. کاریگەری بەهێزی هەیە لە دەستنیشانکردنی لایەنی هونەری ڕۆمان.

### 1-3 ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە ڕەخنەی ئەدەبی گەشە پێبدات، چونکە ئەم بابەتە بۆتە جێگەی گفتوگۆ و گەنگەشە، بۆ نموونە لە زۆربەی کۆڕ و سمینارەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر و ئەکادیمایی کوردی و گۆڤاری ڕامان ژمارە (١٩٦ ساڵی ٢٠١٣) گۆڤاری شێوەکاری ژمارە ( ٢٦ ساڵی ٢٠٠٩) بەگشتی، بە تایبەتیش تەکنیکی گێڕانەوەی پاشنوێخوازی لە ئەدەبی جیهانی هەڵوەستەی زۆری لەسەر کراوە توێژینەوەی ورد و هەمەلایەنەی لەبارە نووسراوە

بۆ نموونە ( ئوڤە ویتشتۆک، پۆستمۆدێرنە لە ئەدەبی ئەڵمانی٢٠٢٥ Uwe Wiistock, Postmoderne in der deutsche Literatur 2015) هەروەها

(ڤۆلفگانگ وێلش، ڕێگای دەرچوون لە مۆدێرنە ١٩٩٤ Wolfganf Welsch, Wege aus der Moderne1994 ) و (جعفەر گوزجانۆڤ، میتۆد و تەکنیکەکانی پۆستمۆدێرنە لە کارەکانی ۆرهان پامۆک Gafar Gusejanov, Postmoderne Methoden und Techniken Auf den werken von O. Pamuk). ئێمەش لەم توێژینەوەیە هەوڵمانداوە ئەم تەکنیکە لە گێڕانەوەی پاشنوێخوازی دەستنیشان بکەین و شیبکەینەوە، ئینجا لە سنووری نموونەیەک لە ڕۆمانی کوردی، تەکنیکەکە بخەینەڕوو، بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لێبکۆڵینەوە تا ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە لە نێو ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و گێڕانەوەی کوردی هەستی پێدەکرێت.

## 4-1 میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆدی توێژینەوەکە (وەسفی _ شیکاریی)یە، بە پشتبەستن بە تێڕوانین و دیدگای بیرمەندانی پاشنوێخوازی، پاشان نموونەمان بۆ بابەتەکە هێناوەتەوە و شیکردنەوەی زانستی بۆ کراوە.

## 5-1 پێکهاتەی توێژینەوەکە

پێکهاتەی توێژینەوەکە بریتییە لە:

بەشی یەکەم: تایبەتە بە لایەنی تیۆری، لەم بەشەدا هەوڵدراوە بە وردی تیشک بخرێتە سەر چەمک و پێناسە و مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی پاشنوێخوازی و پێناسەکردنی ئەم ڕەوتە هزری و کولتوورییە، خستنەروو تایبەتمەندییەکانی و جیاوازی لەگەڵ تەکنیکی نوێ. بەشی دووەم: تایبەتە بە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی تەکنیکی نێودەق لە گێڕانەوەی پاشنوێخوازی، هەروەها پێناسە و مێژووی سەرهەڵدان بۆچوونی بیرمەندان. پاشان لایەنی شیکارییە بە وەرگرتنی نموونەی ڕۆمانی کوردی و دەستنیشانکردن و خستنەڕووی تەکنیکی نێودەق، دواتر ئەنجامەکان بە چەند خاڵێک خراونەتەڕوو، لەگەڵ پۆ لێنکردن و ڕیزبە ندکردنی سەرچاوەکان، لە کۆتایشدا پوختەی لێکۆڵینەوەکە بۆ زمانی عە ڕەبی و ئینگلیزی وەرگێڕ دراون.

## 6-1 پێشینەی توێژینەوە:

ئێمە هەوڵدەدەین لەم توێژینەوە هەندێک لەو سەرچاوانە وەک سەرەتایەک بۆ چوونە ناو بابەتەکەمان پێشکەش بکەین، بۆ ئەوەی ڕوانین و پاشخانێکمان لەمەڕ ڕابردووی ئەم بابەتە هەبێ، بزانین توێژەران لەم بارەیەوە چییان پێشکەش کردووە، ئەمەش بە پلەی یەکەم بە مەبەستی دانانی سنوورێکە لە نێوان ڕابردووی ئەم بابەتە و تێکەڵنەبوونیەتی لەگەڵ ڕووانینی نوێی ئێمە، دەشێ هەندێ لەم سەرچاوانە بە هۆی پاراستنی لایەنی نوێخوازییان هێشتا وەک سەرچاوەیەک بۆ بەشەکانی تیۆری و شیکاری بابەتەکەی ئێمە سوودی هەبێ.

یەکەم سەرچاوە بریتییە لە نامەیەکی ماستەر لەسەر ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربال بە ناوی (وسو، دڵدار عدو ٢٠٢٢، دەرکەوتەکانی پۆستمۆدێرنیزم لە ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربال. زانکۆی سۆران) ئەم نامەیە لە سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە: بەشی یەکەم لایەنی تیۆری پۆستمۆدێرنیزمی گرتۆتەوە وەک (زاراوە، مێژووی سەرهەڵدانی پۆستمۆدێرنیزم) ئینجا پێناسە و هەلومەرجی سەرهەڵدانی پۆستمۆدێرنیزم. لە کۆتای ئەو بەشە باسی قۆناغی مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزم).

بەشی دووەمی تەرخانکردووە بۆ بیرمەندەکانی پۆستمۆدێرنیزم، باسی ژیانی چەند بیرمەندێک دەکات لەوانە وەک (فرانسوا لیوتار، پۆل میشێل فۆکۆ، ڕۆلان بارت، جاک لاکان، سلاڤۆ ژیژک ...هتد) لە کۆتایی ئەو بەشە بە کورتی باسی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی پۆستمۆدێرنیزم و فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیزم دەکات، کە دەبوا زۆر زیاتر گرنگی بەم بابەتە بدرێت، چونکە پەیوەندی ڕاستەخۆی بە ناوەڕۆکی نامەکەوە هەیە. بەشی سێیەم: دەرکەوتەکانی پۆستمۆدێرنیزم لە ڕۆمانەکانی (فەرهاد پیربال)دا

چەند سیما و دەرکەوتە وەک نەبوونی هارمۆنییەت، شەپۆلی هۆش، دەقئاوێزانی، یاریکردن بە زمان) یاخود گاڵتەجاڕی

و تەنیایی و فیمینیزم ...هتد لە چوار ڕۆمانی فەرهاد پیرباڵ (قەبرێکی سێگۆشە، سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا، هوتێل ئەوروپا، حیکایەتەکانی باوکم) بە هێنانەوە چەند ڕستەیەک لە هەر ڕۆمانێک باس دەکات. لە کۆتایی بە دوازدە خاڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی خستۆتەڕوو.

دووەم سەرچاوە (سالح، دیمەن عەبدوللا ٢٠٢٤. تێمە و تەکنیکەکانی ڕۆمانی پۆستمۆدێرن، ڕۆمانی (ئەلف\یای)ی ڕەزا عەلی پوور بە نموونە. گۆڤاری جامکورد، ژ. ٣٦١. کرمانشا)

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش و ئەنجام پێکهاتووە، بەشی یەکەم باسی چەمک زاراوەی پۆستمۆدێرنیزم دەکات، پشت بەستن بە بیروبۆچوونەکانی (ئیهاب حەسەن) باسی مێژووی سەرهەڵدانی پۆستمۆدێرنیزم و زاراوەی پۆستمۆدێرنیزم دەکات.

ئینجا ناوی کتێبەکی (فرانس لیوتار) دەهێنێت، بیروبۆچوونی چەند بیرمەندێک لەم بارەیە دەخاتەڕوو. لە بەشی دووەم، باس لە ڕۆمانی پۆستمۆدێرن دەکات، لە ڕوانگەی (ئیهاب حەسەن) چەند تایبەتمەندییەکی پۆستمۆدێرن دەخاتەڕوو وەک (جیاوازی، ڕێژەیی، دەقئاوێزانی، ئیرۆنی) دواتر ڕۆمانی ئەلف\یا وەک نموونەی ڕۆمانی پۆستمۆدێرن دەهێنێتەوە و چەند ڕستەیەکی خستۆتەڕوو. پاشان بە چوار خاڵ ئەنجامی نووسیوە.

سێیەم سەرچاوە بریتییە لە (زیاب، ئەبو عوبەید ٢٠١٣، ڕەنگڤەدانا پۆست مۆدێرنیزمی د هۆزانا کوردیدا. ماستەر. زانکۆی دهۆک) ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: چەمک و پێناسەی پۆستمۆدێرنیزم، بەشی دووەم: ڕەهەندەکانی پۆستمۆدێرنیزم و دوو کۆمەڵە بیرمەند (نیتچشە، مارکس، فرۆید، فێردینان دێ سوسێر....هتد) ئینجا (لیوتار، فۆکۆ، ئیهاب حەسەن، ژان دریدا...هتد) پاشان پۆستمۆدێرنیزمی دابەشی چەند ڕەهەندێک کردووە لەوانە ئینسانی ( زمانناسی، فێمینیزمی، فەلسەفی، ئەدەبی، مێژوویی) ڕەهەندی فکری\هزری کە خۆی لە ( پۆستبونیادگەرایی، هەڵوەشانەوەگەرایی، پوچگەرایی) دەبینێتەوە. پاشان میتۆدە ڕەخنەییەکانی خستۆتەڕوو لەوانە ( تیۆرا وەرگرتنێ، تیۆرا ڕەوشەنبیری، تیۆرا من گرتی، تیۆرا جینی، تیۆرا ئێستێتیکا).

بەشی سێیەم: تەرخانکراوە بۆ کاری شیکاری و پراکتیکی بەناوی (ڕەنگڤەدانا ئەدگارێن پۆست مۆدێرنیزمێ د هۆزانا کوردیدا) هەر لەم بەشەدا باسی کێشەی فکری و ڕەهەندی کراوەکان و زمان و کێشەکانی زمان دەکات.

## 2- پاشنوێخوازی و ئەدەبی پاشنوێخوازی

## ناساندن و چەمک و پێناسەی پاشنوێخوازی

### 2-1 ناساندن

پاشنوێخوازی (پۆستمۆدێرنیزم) زاراوە و چەمکێکی فرەڕەهەندە و ئیمرۆشی لەگەڵدابێ بەردەوام پێناسەی نوێی و خوێندنەوەی تازەی بۆ دەکرێ، لەم سەروبەندە پاشنوێخوازی زۆربەی کایەی کولتوریی دەگرێتەوە، هەرچەندە هەوڵدراوە بەرپەچبدرێدرێتەوە، بەڵام ئیتر ناتوانرێت ئەو زاراوەیە پشت گوێبخرێت و باس و گفتوگۆ لەبارەی پاشنوێخوازی بوەستێنرێت، بە پێچەوانەوە پاشنوێخوازی لە گەشە و لە زیادبووندایە. پاشنوێخوازی، دەربڕینێکە کە چیتر تەنیا بۆ ئەدەب و تەلارسازی و بوارەکانی تری هونەر بەکارناهێنرێت، بەڵکوو لە ڕووی کۆمەڵناسی و فەلسەفی، ئابووری، هەروەها لە ڕووی مێژوو و مرۆڤناسی، دەروونناسی، کولتووریشدا هەیە، تیۆر و جوگرافیا و ڕەگاکانی وانەوتنەوە لەخۆگرتووە. تەنانەت ئەوانەی کە پێیان باشە سەردەمی ئێمە بەردەوام بێت و وەک پاشنوێخوازی (نوێخوازی) تێبگەین، ئەوا ناتوانن خۆیان لە پەیوەستکردنی ئەو نوێخوازییە (مۆدێرنیتە)ی کە مەبەستیانە بە پاشنوێخوازییەوە (پۆستمۆدێرنیزمەوە) بەدوور بگرن.

کە گوێمان لە زاراوەی پاشنوێخوازی دەبێ، یان دەیخوێنینەوە، ڕاستەوخۆ ئەوەمان بە مێشکدا دێت، کە ئەمە ئاماژەیە بۆ قۆناغی دوای نوێخوازی. هاوکات ئاماژەیە بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراو لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٩٠. ئامانجی سەرەکی پاشنوێخوازەکان تێکشکاندنی ئەفسانەی ڕۆژئاوا بوو، تا ڕۆژئاوا چیدیکە خۆی بە ناوەند و چەقی ئاوەز و پێشکەوتن دانەنێت. ئەمە بە واتای سڕینەوەی ئەو دەربڕینانە دێت، کە پێشتر وەک ڕستە و وتەی ناوەندی

عەقڵی خۆرئاوا خۆیان نیشاندەدا.

دیارترین کەسایەتی کە ناوی لەگەڵ چەمکی پاش نوێخوازیدا هاتووە فەیلەسوفی فەرەنسی (جان فرانسوا لیۆتار) کە لە ساڵی ١٩٧٩ بەرهەمەکەی بەناوی (مەرجەکانی پاشنوێخوازی) La Condition postmoderne ی بڵاوکردەوە. دەکرێ بگوترێ کە لیوتارد چەمکی پاشنوێخوازی (پۆستمۆدێرنیزمی) چەسپاند، سەرچاوەی ئەم بیرۆکەیەشی لە بەرهەمی ئەمریکی و تیۆردانەرەکانی فەرەنسا وەک جاک لاکان، ڕۆلاند بارت، میشێل فۆکۆ و جاک دێریدا هەڵێنجاوە.

``ئیهاب حەسەن`` کە لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠خۆی بە نوێنەر و وتەبێژی پاشنوێخوازی دادەنا، پاشنوێخوازی وەک بزووتنەوەیەکی کولتووری و فیکری وەسف دەکرد، کە لە ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوودا سەریهەڵدا و خۆی وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر نوێخوازی دەبینی. حەسەن جەخت لەسەر چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکی پۆستمۆدێرنیزم دەکاتەوە:

«لەوانە ڕەتکردنەوەی ڕاستییە جێگیرەکان و گێڕانەوەی گشتگیر کە هێشتا چەقی مۆدێرنیتە بوون. جەخت لەسەر تێگەیشتنێکی فرەیی و پارچەپارچەیی جیهان دەکاتەوە، کە تێیدا واتا وەک شتێکی بنیاتنراو و ڕێژەیی سەیر دەکرێت. حەسەن ئەم ناونیشانەی بە بۆچوون و بیروڕای ئەزموونگەریی بەستەوە ، لە هونەری بیناسازیدا: ویلیلم باروز و باکمینستەر فۆلەر، ئەنارشیزم، کۆنبوون/ بێدەنگی.. داماڵینی داهێنان/ هەڵوەشانەوەگەرایی، ڕووداوگەلێک کە من و کەسانی دی دواتر بە خەسڵەتەکانی (مۆدێرنەی دوایی)مان ناونا» (کۆمەڵێ نووسەر ٢٠١١: ٤٦٠)

هەر ئەم ڕەخنەگرە ئەمریکی/میسرییە پاشنوێخوازی بە جۆرێک لە تەقینەوە بەرانبەر نوێخوازی دادەنێت، هەموو چوارچێوە و یاساکان دەشکێنێت، لە نموونەکانی ڕابردوو دەردەچێت و تێپەڕیان دەکات.

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠ فەلسەفە و ڕۆشنبیریی پاشنوێخوازی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشە دەکات، بەتایبەت دوای شۆڕشی قوتابییان لە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٦٨، ئەم شۆڕشە گۆڕانکاری فیکری گەورەی دروست کرد، ئەمەش لە کتێب و بەرهەمەکانی: ڕۆلان بارت، میشێل فۆکۆ، جاک دریدا و جاک لاکاندا تەواو ڕەنگ دەداتەوە. هەموو ئەمانە دەبنە سەرەتایەک بۆ ئەو ڕەوتەی کە بە فەلسەفەی پاشنوێخوازی ناسراوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٩ کتێبەکەی (فرانسوا لیۆتار) بە ناوی (مەرجەکانی پۆستمۆدێرنیزم) کە گوزارشتە لە کۆمەڵێ بۆچوونی تیۆری بۆ ئەم ڕەوتە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی پاشنوێخوازی و نەمانی گێڕانەوە گەورەکانی نوێخوازی «پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەمە تەنها بە دەستلەکارکێشانەوە قبوڵ نەکرێت، وەک زۆرێک لە چەپەکان کردوویانە، ڕووخانی کۆی نوێخوازی هۆکارێکە بۆ گەشبینی، چونکە بەدوایدا ئارامیی و نەرمی و لێبوردەیییەکی گەورەتری پاشنوێخوازی دێت». (لیوتار ١٩٨٥: ٢٤)

ئیهاب حەسەن پاشنوێخوازی وەک سەردەمێک دەبینێت کە سنوورە تەقلیدییەکانی نێوان هونەر و ئەدەب و فەلسەفە تادێت نامێنن و فۆڕمی نوێ و نێوان زانستەکانی زانین سەرهەڵدەدەن، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکان جەختکردنەوە لەسەر ئیرۆنی و یاریکردن و وێرانکردنە، کە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ناسنامە جێگیرەکان و مانا جێگیرەکان. پاشنوێخوازی بۆ حەسەن، فەزای کۆتایی گێڕانەوە گەورە و جێگیرەکانی مۆدێرنیتە دیاری دەکات. (ئیهاب: ٢٠١١: ٨٥)

لە ساڵانی ١٩٨٠ – ١٩٨٩ پاشنوێخوازی گەیشتە لووتکە، کە کۆمەڵێ نووسەر و فەیلەسووف بە بەرهەمەکانیان گەشەیان بەم ڕەوتە دا. لەوانە: میشێل فۆکۆ، دولۆوز، جاک دریدا، ژولیا کرستیڤە. هاوکات ئەم چەمکە لەناو سۆسیۆلۆژیادا تەواو خۆی چەسپاند، بەتایبەت لە فەرەنسا لەگەڵ کارەکانی (یان بۆدریلارد)، لە بەریتانیا لەگەڵ بەرهەمەکانی (سکۆت لاش) بەتایبەت لە کتێبی (سۆسیۆلۆژیای پۆستمۆدێرنە)دا.

کەواتە پاشنوێخوازی لە ڕەهەندە مێژوویی و ناوەڕۆکەکەیدا زیاتر پەیوەندی بە گەشەی تەکنۆلۆژیا و جیهانی سەرمایەداریی ڕۆژئاواوە هەیە، چونکە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕوودەدات و لە کۆمەڵگای ئەوروپی و ئەمریکی ڕەنگی داوەتەوە. هەروەها پەیوەندی بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە هەیە، دوایی دەبێتە پەرچەکردارێک بۆ بنیاتگەرەکان، هاوکات چەمکەکانی نوێخوازی وەکوو ناوەند و چەق لە ئەوروپا بەکاردەهاتن، خۆیان بەسەر فەزا و بیرکردنەوەی

ئەورووپیدا سەپاند بوو. لێرەوەیە پاشنوێخوازی لە بارودۆخێکی سیاسی ئاڵۆز دەردەکەوێت، بەتایبەت دوای شەڕی دووەمی جیهانی، بەڵام لە سەروبەندی شەڕی سارد، گەشەپێدانی چەکی ناوەکی، ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ، سەرهەڵدانی فەلسەفەی ناعەقڵانی وەکوو سوریالییەکان، بوونگەرایی، پوچگەرایی...تاد. دواجار هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەبێتە تەکانێکی گەورە لە گواستنەوەی دنیا لە نوێخوازییەوە بۆ پاشنوەخوازی، کەواتە پاشنوێخوازی وەکوو چەمکێکی دژ بە نوێخوازی سەرهەڵدەدات.

«کاتێ کە دەسەلاتی فکریی ترس و سام دەخولقێنێ، گەشە بە ئالۆزی و بێ مانایی ڕەوتە کۆنەپارێزەکانی نێو کۆمەڵ دەدات، چونکە ئەندیشەی ڕۆشن و لۆژیکی گەشە بە زانست دەدات کە باشترین نموونەی ئەو گەشەی زانستی سروشتییە، گەشەی زانستیش درەنگ یان زوو پێکهاتەی نەریتی دەڕوخێنێ، بەڵام ئەندیشەی ئالۆز هیچ داهاتوویەکی نییە، بێگومان دەکرێ دڵی پێ خۆش بکەین، بەڵام ناتوانن جیهانی پێ بگۆڕین». ( (Andreski,1972, p.90 )

پاشنوێخوازی لەنێو بیرمەندانی ئەڵمان و ئەدەبی ئەڵمانی جیاوازە، لەگەڵ بیرمەندانی فەرەنسی و ئەمریکی، چونکە ناکۆکی ڕەخنەگرانی ئەدەبی لەسەر ئەدەبی ئەڵمانی نەریتێکی هەیە کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە. ناکۆکییەکە زیاتر ململانێی نەوەکانە: ناکۆکییەکی نێوان نوێخوازی درەنگ (گرووپی ٤٧)[1] و پاشنوێخوازی، کە بیست ساڵ "دواکەوت بۆ دامەزراندنی خۆی لە ئەڵمانیا. لە زۆربەی دۆخەکاندا جیاوازی لە نێوان ئەدەبیاتی پاشنوێخوازی ئەڵمانی لانیکەم لە نێوان ئەدەبیاتی ساڵانی شەست و ئەدەبیاتی ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا دەکرێت. سنوورێکی هەمیشەیی لەگەڵیاندایە بە تایبەتی ساڵانی حەفتا، کە وەک دژ بەیەک هەستیان پێدەکرا.

## 2-2چەمک و زاراوەی پاشنوێخوازی:

دەستەواژەی پاشنوێخوازی، چەمکێکی فرەلایەنە و ئالۆزە کە لە چوارچێوەی جیاوازدا – لە هونەر، تەلارسازی، فەلسەفە و کولتووردا مانای جیاوازی هەیە. خودی دەستەواژەکە بۆ یەکەمجار لە ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوودا دەرکەوت، بەڵام بەکارهێنان و ماناکەی تەنها لە ساڵانی شەست و بەتایبەتی لە ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوودا زیاتر پەرەی سەند، کە لە مشتومڕی فەلسەفی و کولتووریدا کاریگەرتر بوو.

زاراوەی پاشنوێخوازی "پۆستمۆدێرنیزم" بۆ یەکەمجار لە چوارچێوەی تەلارسازیدا بەکارهاتووە. تەلارسازێکی ئەمریکی (چارڵز جێنکس) بە یەکێک لە یەکەم کەسەکان دادەنرێت کە ئەم زاراوەیەی بە مانای کولتووری تایبەتی خۆی لە ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوودا دامەزراندووە. ئەو بیرۆکەی پاشنوێخوازی لە تەلارسازیدا داهێنا، کە خۆی وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر نوێخوازی دەبینی، بەتایبەتی بەرامبەر بە شێوازی توند و کارایی شێوازی نێودەوڵەتی (بۆ نموونە لەلایەن لێ کۆربوسێر یان لودڤیش میس ڤان دێر ڕۆە). پاشنوێخوازی لە تەلارسازیدا بە گەڕانەوە بۆ مێژووگەرایی و ئیرۆنی و ناڕوونی و وێرانکردنی ڕێساکان تایبەتمەند بوو. (فلیپ: ٢٠١٩: ١٥)

جێنکس پاشنوێخوازی بە سەردەمێک وەسف کرد کە دوای نوێخوازی هات - کاردانەوەیەک بەرامبەر بە توندی و نموونەی باڵای نوێخوازی، ئەو بە یاریکردن بە شێواز و هێما و فۆرمەکانی نەریتی ئاهەنگی هەمەجۆریی و پێشبینی نەکراو و ڕەنگاوڕەنگی گێڕا.

``ئالان سوکال Alan Sokal ١٩٥٥`` دەڵێ: «ڕەوتێکی هزریی، کە تایبەتمەندییەکانی ئەو بریتین لە وەلانانی نەریتی ئاوەزگەرایی سەردەمی ڕۆشنگەری گەڵاڵەکردنی چەندین گوتاری تیۆری پچڕاو لە تاقیگەی ئەزموونی بڕوا بە ڕێژەگەرایی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری، کە زانست بە (حکایەت و ئەفسانە) یان ڕاستییەکی کۆمەلایەتی لە نێوان حکایەت و ئەفسانە و ڕاستییەکانی دیکەدا دەزانێ». (سوکال: ١٩٩٦: ٢٥٥)

زاراوەی پاشنوێخوازی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٧٠. بەڵام لە ساڵی ١٩٥٩دا زانای ئەدەبی ئەمریکی (ئیرڤینگ هاوی)

---

[1] گرووپی ٤٧ گرووپێکی نافەرمی بوو، بەڵام زۆر کاریگەر بوون لە نووسەرانی ئەڵمانی کە لە قۆناغی دوای جەنگدا پێکهاتبوون. ( Die Gruppe 47 )

ئاماژەی بە توانای کەمی داهێنانی ئەدەبی هاوچەرخی سەردەمی نوێخوازی پێشوو کرد، هەندێک بەرهەمی تازەیی بە پۆستمۆدێرن وەسفی کرد. (ئیرڤینگ: ١٩٩٨: ٢٤٠)

پێشگری Post لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای پاش، زۆر، گەلەک، پشتی، دوای...تاد دێت. ئەم پێشگرە هەروا لە خۆڕا نایەت، بەڵکوو لە واتاکەیدا دەردەکەوێ ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری، هاوکات ئەگەر ئەم پێشگرە بە زاراوەکەی بنووسێنین، یان بە جیا بینووسین، واتای جیا دەدەن. بەڵام لە هەموو بارێکدا «Post بە واتای شتێک دێت، کە ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری، ئاماژەیە بۆ ڕەوتێکی نوێ لە ئەنجامی کۆتاییهاتنی ڕەوتی پێشتر دێتەکایەوە». (لیوتار، ١٩٨٥، ١٣٩)

``هابەرماس Habermas 1929`` لە بارەی ئەم پێشگرەوە (Post ) دەڵێت: « ئەم پێشگرە تەنیا بۆ ئاگادارکردنەوەیەک نییە، بەڵکوو پێویستە بە وردی لێبکۆڵینەوە و لێی بڕوانین، ئەوە وەک هەژانێکە بۆ ئاوەزمەندی ئەو سەردەمە» (کناپ: ٢٠٢١: ٣٢)

پێشگری (post ) مانایەکی زەمەنی هەیە و پێشتر لە سالی ١٩٣٩ کوژیف (Kojeve) لە خویندنەوەی بۆ هیگل واتای پۆستی وەک پێشگر بۆ مێژوو، یان دوایی بەکارهێناوە، لەهەندێ سەرچاوەی دیکەدا ئاماژە بەوە دەکرێ کە واتای ( پۆست مێژوو )ی بەکارهێناوە و دواتر ساڵی ١٩٧٣ کومەڵناسی ئەمریکی دانیال بیل ( Daniel Bell ) بۆ گوزارشتکردن لە کۆمەڵگای پاش – پیشەسازی The Post Industreil Society بەکارهێناوە. لەم دۆخەدا پۆست بە مانای ئەودیو Beyond یان دوای، کۆمەڵگای پاش پیشەسازی نووسیوە.(حەمە، ٢٠٠٢، ٥٠)

پاش پیشەسازی (Post-industrial) لە سالی ١٩٦٨ ە وە بە کارهێنانی لە گفتوگۆ کۆمەڵاتییەکاندا ئامادە بووە و دواتر گرنگی لە بەهێزکردنی ئەو باسانەشدا دیوە، کە لەلایەن پاشنوێخوازەکانەوە باسکراون، لیرەشدا جگە لە دانیال بیل دەکرێ ناوی کۆمەڵناسی فەرەنسی ئالان تورین Alan Touraine یش بیر بخریتەوە، کە هەر لە و ماوانەدا کتێبێکی بە ناوی (کۆمەڵگای پاش پیشەسازی نووسیوە). هەرچەندە ئەم چەمکە مانا زۆرە، بەڵام بۆ زۆر چەمکی دیکە تەنیا بۆ ناونان و وەسفکردن بەکار هاتووە بۆ نموونە پاش سەرمایەداری post- capitalism، پاش مارکسیزم -post Marxism.

هەر سەبارەت بە پێشگری پۆست فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئەڵمانی تیۆدۆر ئادۆرنۆ (Theodor W. Adorno)[2] ١٩٠٣ – ١٩٦٩ لە کتێبی (مینیمال مۆرال Minima Moral) کەمترین ڕەوشت، پێشگری پۆستی (پاش) بەکارهێناوە، ئادۆرنۆ پێشگری پاشی خستۆتە پێش وشەی بوون، بەمجۆرە بەکاریهێناوە (Post existence –پاش بوون). بیرۆکەی "پۆست–بوون" دەتوانرێت بە ڕەخنەی ئادۆرنۆ لە کۆمەڵگەی نوێخواز تێبگەین: «کە تێیدا بوون "بوونی ڕەسەن" خۆی لەدەست دەدات. ئەم نامۆبوون و دووبارەکردنەوە لە ئەنجامی ئەو پێکهاتە سەرمایەداری و تۆتالیتاریانەیە، کە مرۆڤەکان هان دەدەن بۆ جۆرێک لە "ژیانی دووەم" ژیانێک کە چیتر بەڕاستی وەک "خودی خۆی " ئەزموون ناکرێت، بەڵکو وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە سنووردارکردنە دەرەکییەکان و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان. تاک لە جۆرێک لە "پاش بوون"دا بوونی هەیە کە تیایدا کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی لە قاڵب دەدرێت بەبێ ئەوەی هیچ ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە یان ئەگەری خۆبەدیهێنان هەبێت». (ئادۆرنۆ: ١٩٧٠: ٥٨)

ڕەخنەگر (تێری ئیگڵتۆن Tery Eagleto 1943) لە کتێبی (وەهمەکانی پۆستمۆدێریزم The Illusion of Postmodernism) دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، زاراوەی (پۆستمۆدێرنێتە) بە واتای قۆناغێکی مێژوویی تایبەت دێت، بەڵام زاراوەی (پۆستمۆدێرنیزم) بە گشتی ئاماژەیە بۆ شێوەیەک لە شێوەکانی ڕۆشنبیریی سەردەم. لە ساڵانی شەست بە شێوەیەکی فراوانتر بەکار هات.

---

[2] تیۆدۆر لودڤیش ویسنگروند ئادۆرنۆ لەدایکبووی ١١ی ئەیلولی ١٩٠٣ لە شاری فرانکفۆرت ئام ماین، † ٦ی ئابی ١٩٦٩ لە شاری ڤیسپی – سویسرا کۆچی دواییکردووە، تیۆدۆر لودڤیش ویسنگروند فەیلەسوف، کۆمەڵناس، فەیلەسوفی مۆسیقا، ئاوازدانەر و مامۆستایەکی ئەڵمانی بووە. شانبەشانی ماکس هۆرکهایمەر یەکێکە لە نوێنەرە سەرەکییەکانی ڕەخنەیی تیۆری، کە بە قوتابخانەی فرانکفۆرتیش ناسراوە.

چەمکی پاشنوێخوازی لە تیۆری ڕەخنەییدا، بە تایبەت لە لای یورگن هابەرماسەوە (Jürgen Habermas)[3] وەک لادانێک لە ڕۆشنگەری و عەقڵانییەت سەیر دەکرێت. هابرماس و تیۆریستەکانی دیکە کە لە ژێر کاریگەری قوتابخانەی فرانکفۆرت بوون، پاشنوێخوازییان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر پێشکەوتنی نوێخوازی دەبینی، چونکە زۆرجار گومانێکی ڕێژەیی لەگەڵیدا بوو سەبارەت بە ڕاستی بابەتیی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی. بۆ هابرماس، پاشنوێخوازی جۆرێک بوو لە دژە ڕۆشنگەری کە گرنگی پەیوەندی عەقڵانی و بانگەشی ڕەوایەتی گشتگیری تێکدا.

پێناسەکان لەگەڵ تێپەڕینی کات و بیرکردنەوەی نووسەر و هونەرمەندانی پاشنوێخوازی دەگۆڕێت، بەشێکیان پاشنوێخوازی هاوشێوەی پاشبونیاتگەری و هەڵوەشانەوەگەرایی دەبینن. چەند پێناسەیەکی دیار و کەسانی دیاری ئەم ڕەوتە دەخینەڕوو:

**پێناسەی لیۆتارد بۆ پاشنوێخوازی:**

``لیۆتارد Jean Francois lyotard 1924-1998`` فەیلەسوفی فەرەنسی زۆرجار پەیوەستە بە پێناسەی پاشنوێخوازییەوە، بەتایبەتی لەڕێگەی بەرهەمەکەی (1979 La Condition Postmodern) پاشنوێخوازی بۆ لیۆتارد بە پلەی یەکەم هەڵوێستێکە بەرامبەر بەو شتانەی کە پێیان دەوترێت "گێڕانەوەی گەورە، ئەو پاشنوێخوازی بە سەردەمێک وەسف دەکات کە مۆدێلە گەورە و گشتگیرەکانی ڕوونکردنەوە و سیستەمی ئایدیۆلۆژی (وەک مارکسیزم، باوەڕی ڕۆشنگەری بە پێشکەوتن، چەمکی کلاسیکی زانست) زیاتر دەخرێنە ژێر پرسیار و وێران دەکرێن. پاشنوێخوازی لەبری قبوڵکردنی ئەم ڕوونکردنەوە گەردوونیانە پشت بە پارچەپارچەبوون و فرەچەشنی دەبەستێت. لیۆتارد پاشنوێخوازی بە "قەیرانی گێڕانەوەی گەورە" پێناسە دەکات، کە متمانە بە ڕاستییەک کە هەموو شتێک لەخۆدەگرێت و یەکلاکەرەوە دەهەژێنێت. ئەم گێڕانەوە گەورانە لە مێژوودا هەوڵ بوون بۆ ڕوونکردنەوەی جیهان و داڕشتنی ڕاستییەکی بەستراو و گشتگیر (بۆ نموونە بیرۆکەی مۆدێرنیستی پێشکەوتن یان تیۆری مارکسی). لیۆتارد پاشنوێخوازی وەک کۆمەڵگایەک دەبینێت کە تادێت بە چیرۆکە بچووک و ناوخۆییەکان ڕازی دەبێت کە چیتر بانگەشەی ڕەوایەتی گشتگیر ناکەن. (لیۆتارد: ١٩٨٥: ٢٥)

``ئیهاب حەسەن`` زانا و ڕەخنەگری ئەدەبی، کە بە چڕی مامەڵەی لەگەڵ پاشنوێخوازی دەکرد، لە پێناسەی پاشنوێخوازیدا: بە بزووتنەوەیەکی کولتووری و هزریی وەسفی دەکات کە لە دوای کۆتایی مۆدێرنیتە سەریهەڵداوە و تایبەتمەندی جۆراوجۆری هەیە. حەسەن پاشنوێخوازی وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە مۆدێرنیتە دەناسێنێت، کە لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ئاوەز و پێشکەوتن و ڕاستییە گەردوونییەکان هاتە ئاراوە، پاشنوێخوازی لەگەڵ ئەم بنەمایانە دەشکێت و لەبری ئەوە جەخت لەسەر لایەنەکانی وەک ڕێژەگەرایی، فرەیی و پرسیارکردن لە میتاگێڕانەوەکان دەکاتەوە. پاشنوێخوازی ڕەتکردنەوەی ڕاستییە جێگیرەکان و قبوڵکردنی فرەچەشنی و دژایەتییە. بۆیە پاشنوێخوازی بە " فرەبوونی" دیدگاکان تایبەتمەندە. سنووره کلاسیکییەکانی نێوان ژانرەکان و فۆرمەکانی هونەر و بنەما کاڵ دەبنەوە، ئەمەش لە ئەدەب و هونەر و فەلسەفەی پاشنوێخوازی ڕەنگ دەداتەوە. ( وێلش: ١٩٩٤: ٢٣٣)

پێناسەی جیمسۆنFredric R. Jameson [4] بۆ پاشنوێخوازی چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکی لەخۆدەگرێت:

یەکەم: لۆژیکی کولتووری سەرمایەداری، جیمسۆن دەڵێت: پاشنوێخوازی نوێنەرایەتی کاردانەوەی کولتووری دەکات بەرانبەر بە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی درەنگ، بەتایبەتی بارودۆخی "سەرمایەداریی درەنگ" کە بە جیهانگیری و باڵادەستی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان و باڵادەستی سەرمایەی دارایی تایبەتمەندە. لە پاشنوێخوازی ئەم بارودۆخە

---

[3] یورگن هابرماس ١٩٢٩ فەیلەسوف و تیۆریستێکی کۆمەڵایەتی ئەڵمانییە و یەکێکە لە بیرمەندە گرنگەکانی ئەمڕۆ. بە تایبەتی بە کارەکانی لەسەر عەقڵانییەتی پەیوەندی، تیۆری دیموکراسی و ڕۆڵی گشتی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا ناسراوە. زۆرجار هابرماس پەیوەستە بە تیۆری ڕەخنەییەوە، هەرچەندە ئەو ڕێبازێکی سەربەخۆی پەرەپێدا کە جیاوازە لە نوێنەرانی کلاسیکی قوتابخانەی فرانکفۆرت.

[4] جەیمسۆن Fredric R. Jameson لە شاری میونشن و بەرلین و لە زانکۆی ییڵ خوێندوویەتی. بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر ژان پۆل سارتەر لەلای ئێریک ئاوێرباخ وەرگرتووە.

ئابوورییانە بە قووڵی لەناو کولتووردا تواوەتەوە، ئەمەش لە زیادبوونی بازرگانیکردن و نوێنەرایەتیکردنی کولتووردا ڕەنگدەداتەوە.

دووەم: هەڵوەشاندنەوەی تێگەیشتنی مێژوویی، بە بڕوای جیمسۆن، تایبەتمەندییەکی ناوەندیی پاشنوێخوازی، لەدەستدانی هۆشیارییەکی مێژوویی یەکگرتووە. ڕووداو و بەستێن مێژووییەکان تادێت ڕێژەیی دەبن و پارچە پارچە دەردەکەون. لەبری تێگەیشتنێکی هێڵی لە مێژوو کە لە نوێخوازیدا زاڵ بوو، لە پاشنوێخوازی "چڕبوونەوەی کاتی" و ئەزموونێکی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو هەیە کە زۆرجار تێکەڵاوبوون یان بەبێ سنووردارکردنی ڕوون پێکەوە دەژین.

سێیەم: لەدەستدانی قووڵی و ڕووبەر، جیمسۆن لە پاشنوێخوازی لەدەستدانی "قوڵایی" لە هونەر و کولتووردا دەبینێت. لە نوێخوازیدا هێشتا بەدواداچوون بۆ مانایەکی ئاڵۆز و قووڵ هەبوو، لە کاتێکدا لە پاشنوێخوازیدا ڕووکار - ئەوەی دیارە و ئەوەی یەکسەر بەکاردەهێنرێت دێتە پێشەوە. ئەمەش بە تایبەتی لە هونەردا دیارە، کە کەمتر سەرنج دەخاتە سەر تێگەیشتنی ورد و ئاڵۆزی مانا و زیاتر لەسەر ڕووکەشییەکان و سەرنجڕاکێشیی جوانیناسییە. (ئەندریاس بێرنارد: ٢٠٢٤: ٣٢)

جاک دێریدا، پاشنوێخوازی وەک ئەوەی دێریدا تێیگەیشتووە، فەلسەفەیەکە دژایەتی بانگەشەی ڕاستی سواو و مانا جێگیرەکان دەکات. دێریدا ڕاستەوخۆ دەستەواژەی پاشنوێخوازی "پۆستمۆدێرنیزم"ی نەهێنایە ئاراوە، بەڵام بیرۆکەکانی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بیری پاشنوێخوازی هەبووە. چەند لایەنی سەرەکی فەلسەفەی دێریدا لە چوارچێوەی پاشنوێخوازیدا بریتین لە: دیکۆستراکشن Deconstrution: دێریدا پیشان دەدات کە چۆن دەق و گوتارەکان بە واتای دژبەیەکەوە پەرەیان سەندووە. ئەم دژایەتی و ناسەقامگیریانە وا دەکات کە واتا یان ڕاستییەکی کۆتایی و جێگیر ئەستەم بێت. لەبری ئەوەی دەقێک یەک واتا و داخراو سەیر بکرێت، ئەو وەک سیستەمێکی کراوەی ماناکان تێدەگات کە بەردەوام لە گۆڕاندایە.

فەلسەفەی زمان: دێریدا ئالنگاری ئەو بیرۆکە سواوەی کرد کە زمان تەنیا وەک ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی "ڕاستییە بابەتییەکان" کاردەکات. ئەو دەڵێت واتای وشەکان جێگیر نییە بەڵکوو لە ڕێگەی پەیوەندییەکانیانەوە لەگەڵ وشەکانی دیکە لە تۆڕی زماندا سەرهەڵدەدات، ئەمەش پێی دەوترێت "جیاوازیی" — زاراوەیەک کە جەخت لەسەر گۆڕینی هەمیشەیی واتا دەکاتەوە لە ڕێگەی جیاوازی نێوان وشەکانەوە. ڕەخنە لە میتافیزیک: دێریدا ڕەخنە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا دەگرێت، کە لە مێژە وای زانیوە کە ڕاستی جێگیر و بنەڕەتی یان چوارچێوەیەکی کرۆکداری هەیە. ئەو ئەم گریمانانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و پیشان دەدات کە هەموو فەلسەفە و تیۆرییەکان لە چوارچێوەی بەستێنە مێژوویی و کولتوورییە تایبەتەکاندا لە قاڵب دراون.

(ویتشۆک:٢٠١٥: ٤٨)

## 3-1: بارودۆخی سەرهەڵدانی پاشنوێخوازی

پاشنوێخوازی بابەتێکی ئاڵۆزە کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و فەلسەفییە جۆراوجۆرەکان لەخۆدەگرێت لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە جیهانی ڕۆژئاوای گرتۆتەوە. سەرهەڵدانی پاشنوێخوازی بە هەلومەرج و پێشهاتە جۆراوجۆرەکان دەناسرێتەوە کە لە فەلسەفە، هەروەها لە هونەر و تەلارسازی، ئەدەب و سیاسەت، بوارەکانی دیکەدا هەستی پێدەکرێت. لێرەدا چەند بارودۆخێکی سەرەکی سەرهەڵدانی پاشنوێخوازی دەخەینەڕوو:

گۆڕانکاری کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا گۆڕانکارییەکی قووڵیان بەسەردا هات،

ترسناکییەکانی شەڕ و دڕندەییەکانی هۆلۆکۆست (Holicaust)[5] و بۆردومانی ئەتۆمی هیرۆشیما و ناگازاکی باوەڕیان بە بەها سواوەکانی پێشکەوتن و ڕاستی ڕەها شکاند، هەستکردن بە لەناوچوون و ناسەقامگیری، بووە هۆی هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە ڕۆشنگەری و نموونەییە نوێخوازەکان کە لە سەردەمی نوێخوازی (سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم)دا جەختیان لەسەر دەکرایەوە. لەدەستدانی باوەڕ بە ڕاستییە گشتگیرەکان: زەبر و زەنگەکانی شەڕ و ئەزموونی لەناوچوون بووە هۆی گومان بەرانبەر بە گێڕانەوە گەورەکانی نوێخوازی (وەک ڕۆشنگەری، باوەڕبوون بە پێشکەوتن یان بیرۆکەی ئامانجێکی مرۆیی گشتگیر). زیادبوونی گومان بەرامبەر بە دەسەڵات.

سەرهەڵدانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی جەماوەری، هەروەها نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم سەردەمی فراوانبوونی بەرفراوانی ڕاگەیاندنی گشتی و کات بەسەربردن بوو. تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕیکلام و دواتر ئینتەرنێت بەو واتایە بوو کە زانیاری و بەرهەمە کولتوورییەکان بە خێراییەکی بێ وێنە بڵاودەکرانەوە، ئەم لێشاوی زانیارییە، لەگەڵ بوونی کولتووری جەماوەری لە هەموو شوێنێکدا، هاندەری جۆرێک لە پارچەبوون و فرەیی بوو.

``نیتچشە Friedrich Nietzsche``[۹] لە زۆر ڕووەوە وەک پێشەنگێکی پاشنوێخوازی سەیر دەکرێت. فەلسەفەی پاشنوێخوازی زۆرێک لە بیرۆکەکانی لەبارەی ڕێژەیی ڕاستییەکان و خراپبوونی بەها گەردوونییەکان و گرنگی دیدگا و دەسەڵات لە بنیاتنانی زانینگەراییدا لەو وەرگرتووە.

فریدریش نیتچشە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر فەلسەفەی پاشنوێخوازی هەبوو، زۆرێک لە چەقی بیرۆکەکانی نیتچشە لەلایەن بیرمەندانی پاشنوێخوازی وەرگیراون، زیاتر پەرەیان پێدرا یان بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە پرسیاریان لەسەر کرا، دوو لایەنی فەلسەفەکەی بە تایبەتی ڕۆڵێکی سەرەکییان لە پاشنوێخوازیدا هەبووە: مردنی خودا و گرنگی قەیرانی نیهیلیزم: نیتچشە بەوە بەناوبانگە کە "خودا مرد"ی ڕاگەیاندووە، واتە بەها ئایینی و میتافیزیکییە نەریتییەکان لە جیهانی نوێخوازی پێگەی خۆیان لەدەستداوە. ئەمە بۆ نیتچشە قەیرانێکی مانا و بەها بوو کە دەتوان[6]ێت ببێتە هۆی پوچگەرایی – حاڵەتێک کە تێیدا ژیان بێ مانا دەردەکەوێت. فەیلەسوفە پاشنوێخوازەکان وەک ژان فرانسوا لیۆتار و میشێل فۆکۆ ئەم بیرۆکەیەیان گرتە ئەستۆ بۆ ئەوەی پیشان بدەن کە گێڕانەوە گەورەکان (وەک گێڕانەوەی ئایین، ڕۆشنگەری یان مۆدێرنیتە) خەریکە دەڕووخێن و جێگەی خۆیان دەدەنەوە بە پارچەپارچەبوون و ڕێژەییکردنی ڕاستی.

ڕەخنە لە ڕاستی و بەها گشتگیرەکان: «نیتچشە بیرۆکەی ڕاستی بابەتیی خستە ژێر پرسیارەوە و جەختی لەوە کردەوە کە هەموو "ڕاستییەکان" لە کۆتاییدا لێکدانەوەن کە پشت بە ڕوانگە جیاوازەکان دەبەستن. ئەم بۆچوونە، کە ڕاستی هەمیشە پەیوەستە بە دەسەڵات و ڕوانگە، لەلایەن فەیلەسوفە پاشنوێخوازەکانەوە زیاتر پەرەی پێدرا، دیارترینیان میشێل فۆکۆ بوو. «شیکارییەکانی فۆکۆ بۆ پێکهاتەکانی دەسەڵات و ڕەخنەی ئەو لە بیرۆکەی ڕاستی گشتگیر پەیوەندییەکی نزیکیان بە فەلسەفەی نیتچشە هەیە. هەروەها دێریدا، بیرمەندێکی دیکەی پاشنوێخوازی، ڕەخنەی نیتچشەی لە واتا جێگیرەکان وەرگرت و جەختی لە وێرانکردنی چەمکە جێگیرەکان کردەوە». (کۆمەڵێک نووسەر: ٢٠١٢: ٢٣٠)

---

[5] هۆلۆکۆست Holocaust: زاراوەی هۆلۆکۆست لە بەشە یۆنانییەکەی ὁλόκαυστος holókaustos وەرگیراوە، بە واتای "بە تەواوی سووتاوە" و نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵە ناسراوە. ناوی پەیوەندیدار (holocaútōma) ὁλοκαύτωμαئاماژەیە بۆ قوربانی سووتاندنی ئاژەڵەکان لە سەردەمی کۆن. لاتینیکردنی هۆلۆکۆست بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی وەرگێڕانی جۆراوجۆری کتێبی پیرۆزەوە (ئینجیل) هاتە ناو وشەسازی فەرەنسی ( l'holocauste) و ئینگلیزی (هۆلۆکۆست) و لەوێشەوە بۆ زمانەکانی دیکەی ئەورووپیش. هەروەها لە سەدەی دوازدەهەمەوە هۆلۆکۆستم ئاماژەیە بۆ مردنی زۆر کەس بە ئاگرەوە کردووە وەک کارەساتی ئاگر یان سووتان. لە ساڵی ١٨٩٥ەوە نووسەرانی ئینگلیزی زمان بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکانیان بە هۆلۆکۆست ناودەبەن. ئەمە یەکەمجار بوو کە ئەم دەستەواژەیە بۆ کوشتنی بەکۆمەڵی گرووپێکی نەتەوەیی بەکارهات، کە لە دوای ساڵی ١٩٤٥ەوە بە "جینۆساید" ناودەبرا و بە شێوەیەکی یاسایی پێناسە کرا. لە ساڵی ١٩٤٢ەوە بۆ یەکەمجار کوشتنی بەکۆمەڵی جولەکەکان لەلایەن ناسیۆنال سۆسیالیستەکانی (نازی) ئەڵمانیا ئەنجامدرا و لە بەریتانیا ناوی لێنرا هۆلۆکۆست. ئامادەکاری کوشتنی بە کۆمەڵ لە لایەن حکومەتەوە بوو. [ئەنێتە:١٨:٢٠٠٦]

(١٠)لەهەر سانتیمەترێ سێجا دا ٢٧ ملیار مولوکول هەیە.

[6] فریدریش ویلهێلم نیتچشە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٨٤٤ لە شاری ڕۆکن؛ ٢٥ی ئابی ١٩٠٠ لە شاری وایمار کۆچی دوایکردووە.

کتێبەکەی ژان فرانسوا لیۆتارد The Postmodern Condition لە بەشێک کە بۆ (زانستی پۆستمۆدێرن بە واتای وتاری ناسەقامگیرییەکان) تەرخانکردووە، لەم بەشە لیوتارد پێیوایە لایەنەکانی زانستی سەدەی بیستەم، نیشانەی گواستنەوەیە بۆ زانستی تازەی (پۆستمۆدێرن)ە. هەر لەم کتێبە لیۆتارد ئاماژەیەکی کورت بە باسی ئاستەنگ و کەموکورتییەکانی پێشبینی لە فیزیکی ئەتۆمی و کوانتۆمی دا دەکات. دەڵێت: «ناتوانین لە پراکتیکدا لە جێگای هەموو (مولوکول)[10]ەکانی گازێک تێبگەین. چونکە ژمارەیان ئێجگار زۆرە. بەڵام هەموومان دەزانین لە دوایین دەیەی سەدەی نۆزدەهەمەوە بۆتە ژێرخانی فیزیکی ژمێریاری». (سوکال:٢٠٠٧: ١٦٢)

بۆچوونی دیکە هەن، کە سەرهەڵدانی پاشنوێخوازی بۆ دەیەی ١٩٥٠ دەگەڕێننەوە بەتایبەت لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەمریکی. ئەم ڕەوتە بۆ ناو کایە ڕۆشنبیرییەکانی دیکەیش خزی و کاریگەری لەسەر بەجێهێشتن. بۆ نموونە (شارلز جینگس)، کە یەکێکە لە بیرمەندانی پاشنوێخوازی لە بواری بیناسازیدا، بەڵام بیرۆکە و کاریگەری ئەو ڕەوتەی لە ڕەخنەی ئەدەبییەوە وەرگرت. بە بڕوای ئەو بیناسازە، بۆچوونەکانی نووسەر (ئیهاب حەسەن) بە سەرچاوەی پەیدابوونی پاشنوێخوازی دادەنرێن. هاوکات (فرانسوا لیۆتار) لە کتێبەکەیدا (بارودۆخێ پاش تازەگەری) لە ساڵی (١٩٧٩)دا ئاماژە بە (ئیهاب حەسەن) وەکوو هەوەڵین تیۆریزانەکانی پاشنوێخوازی دەکات. هەرچەندە بۆ چوونی دیکەیش هەن. واتە دیاریکردنی ماوە و کاتی پەیدابوونی بۆچوونی جوایەزی لەسەرە. پەیدابوونی ئەم ڕەوتە «هێندێک بۆ مێژوونووسی بەریتانی ``ئارنۆڵد توینبی ١٩٥٤`` دەگەڕێننەوە. هەیە بۆ بۆ شاعیر و ڕەخنەگری ئەمریکی ``شارڵز ئولسۆن`` لە ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوو دەگەڕێننەوە. هەیە بۆ ڕەخنەگری بواری ڕۆشنبیریی لیزلی فیدلەر بەتایبەت ساڵی ١٩٦٥ دەگەڕێننەوە». (البازعی والرویلی، ٢٠٠٠، ص١٣٨). کەواتە ناتوانین بە دیاری کراوی بڵێین لە فلان ساڵ ئەم ڕەوتە پەیدا بووە، هێندە هەیە لە سەرەتای ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوو بە سەرەوە ئەم ڕەوتە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا. دیکۆستراکشن (جاک دێریدا) دێریدا ڕەخنەی لە میتافیزیکی نەریتی ڕۆژئاوا گرت کە بە واتا و ڕاستییە جێگیرەکانەوە چەسپاوە.

هەروەها گۆڕانی قووڵ لە هونەر و تەلارسازی و ئەدەبیاتدا ڕوویدا، کە پێش سەرهەڵدانی پاشنوێخوازی بوو. «بزووتنەوەی هونەری نوێخوازی لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ ئێکسپرێشنیزمی ئەبستراکت، سوریالیزم و دادایزمدا دەستی کردبوو بە پرسیارکردن لە نۆرمەکانی جوانیناسیی نەریتی. ئەم مەیلانە لە پاشنوێخوازیدا زیادیان کرد و بە تایبەتی چەمکی "ڕەسەن" و "ڕەسەنایەتی" خرایە ژێر پرسیارەوە. هونەری پۆپ، هونەری چەمکی و ئینستێلاسیۆنەکان جەختیان لەسەر پرسیارکردنی "ڕەسەنایەتی" و "ڕەسەنایەتی" دەکردەوە». (وێلش: ١٩٩٤: ٢٦٠)

## 4-1 نوێخوازی و پاشنوێخوازی و تایبەتمەندییەکانیان

دەستەواژەی نوێخوازی و پاشنوێخوازی ئاماژەن بۆ ڕەوتی جۆراوجۆرەکانی کولتووری، فەلسەفی و هونەری کە تایبەتمەندی شێوازە جیاوازەکانی بیرکردنەوە و دەربڕینی خۆیانن. هەردوو سەردەمەکە بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا کاریگەرییان هەبووە و هەیە، بەڵام لە هەڵوێستیان بەرانبەر بە ڕاستییە چەسپاوەکان و جوانیناسی و کۆمەڵگا جیاوازن. پاشنوێخوازی تا ڕادەیەکی زۆر کاردانەوەیە بەرانبەر بە گریمانە و بەها هزرییەکان سەردەمی نوێخوازی لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا (بە نزیکەیی سەدەی ١٧ تا ١٩). لە ڕاستیدا زۆرێک لەو بڕوایانەی کە بە شێوەیەکی تایبەتمەند پەیوەستن بە پاشنوێخوازییەوە دەتوانرێت وەک ڕەتکردنەوەی ڕاستەوخۆی هەڵوێستە فەلسەفییە گشتیەکان وەسف بکرێت کە لە ڕۆشنگەری سەدەی ١٨دا بە شتێکی ئاسایی وەرگیراون، هەرچەندە تایبەت نەبوون بەم قۆناغە. گرنگترین لەو ڕوانگانە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: بەستێنی کاتی (السیاق الزمنی)

نوێخوازی (نزیکەی ١٨٠٠-١٩٤٥) بە ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتی و شۆڕشی پیشەسازی دەستپێکرد و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەشەیسەند. بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی وەک ئێکسپرێسیۆنیزم، کوبیزم یان ئیمپرێسیۆنیزم لە هونەر و کارایی لە تەلارسازیدا لەخۆدەگرێت. پاشنوێخوازی «لە دەوروبەری ساڵانی پەنجای سەدەی

ڕابردووەوە پاشنوێخوازی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە نوێخوازی سەریهەڵدا، کە وەک کاردانەوەیەکی زۆر ئاوەزیی، تۆتالیتاری یان دۆگماتیک هەستی پێدەکرا. لە ساڵانی حەفتا بەدواوە بووە بزووتنەوەیەکی باڵادەست لە زۆر بواردا وەک هونەر، تەلارسازی، فەلسەفە و ئەدەب». (دورزاک:٢٠٠٣: ٢٣٨)

چوارچێوەی مێژوویی:

بەشێکی دیکە پێیانوایە نوێخوازی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا، بە نزیکەیی لە ساڵانی ١٨٩٠ تا ١٩٤٠. وەڵامێک بوو بۆ گۆڕانکارییە خێراکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەکنۆلۆژیای ئەو سەردەمە وەک پیشەسازی و شارنشینی.

لیۆتارد زاراوەی پاشنوێخوازی داهێنا، بەو پێیەی لە جیهانی پاشنوێخوازی "گێڕانەوە گەورەکان" ئیتر باوەڕپێکراو نین، بەڵکوو زانین بە پارچە پارچە و گێڕانەوەی بچووک پێشکەش دەکرێت، بەبێ هیچ ڕاستییەکی گشتگیر و پێشکەوتنێکی هێڵی، جەختی لە فرەچەشنی و ڕێژەیی ڕاستییەکان و سیستەمی زانیاری کردەوە، هەروەها ``ئومبێرتۆ ئیکۆ-1932 Umberto Eco 2016`` لە "سنوورەکانی لێکدانەوە" (١٩٩٠) ئیکۆ لەم بەرهەمەدا باس لە لێکدانەوەی پاشنوێخوازی و ئەو بیرۆکەیە دەکات، کە دەقەکان لە ئەدەب و هونەر و کولتووردا، چیتر واتای جێگیریان نییە، بەڵکوو بەردەوام لەلایەن خوێنەر یان بینەرەوە لێکدەدرێنەوە. ئیکۆ باس لە فەلسەفەی پاشنوێخوازی دەکات کە بریتییە لە "نێودەق" Intertextualität «کە تێیدا هەموو دەقەکان لە چوارچێوەی تۆڕێکی ئاماژە و واتادا بوونیان هەیە، کە چەواشەی چەمکی ڕاستییەکی جێگیر و بابەتیانە دەکات». ( ئیکۆ: ١٩٩٠: ٤٧) ئیکۆ وەک سەردەمی واتا و نیشانەی "کراوە" سەیری نوێخوازی دەکرد، کە لە خەمی دۆزینەوە و پێشکەوتنی زانیاریی دایە. نوێخوازی پشتی بە گەڕان بەدوای مانا و ڕاستی لە کولتوور و هونەردا بەستبوو. ئیکۆ یەکێک بوو لەو بیرمەندانەی کە پاشنوێخوازی وەک سەردەمی نیشانە "داخراوەکان" وەسف کرد. لە پاشنوێخوازی واتا سواوەکانی نیشانەکان وێران کران و شانۆگەرییەک بە نیشانە و ماناکانەوە جێگەیان گرتەوە. جەختی لە نێودەق کردەوە، واتە مانای دەقەکان هەمیشە پەیوەستە بە دەقەکانی ترەوە، کە ڕۆڵێکی ناوەندی لە ئەدەب و هونەری پاشنوێخوازی دەگێڕێت. ئیتر هیچ ڕاستییەکی جێگیر نەماوە، بەڵکوو مانا هەمیشە ناجێگیرە و دەگۆڕێت.

هەر سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی نوێخوازی و پاشنوێخوازی میشێل فۆکۆ لە هەردوو کتێبی "ڕێکوپێکی شتەکان" (١٩٦٦) و "شێتی و کۆمەڵگا" (١٩٦١).

## 3- بیرمەندە دیارەکانی پاشنوێخوازی وتەکنیکی نێودەق لە گێڕانەوەی پاشنوێخوازی ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران)ی بەختیار عەلی بە نموونە.

ژان فرانسوا لیۆتارد (١٩٢٤-١٩٩٨) فەیلەسوفێکی فەرەنسیە، یەکێکە لە بیرمەندە سەرەکییەکانی فەلسەفە و ڕەوتی پاشنوێخوازی. زیاتر بە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییەکانی بۆ چەمکەکانی حەقیقەت و ڕۆشنبیریی و کولتوور لە جیهانی نوێخوازی ناسراوە. لیۆتارد بە یەکێک لە نوێنەرە سەرەکییەکانی فەلسەفەی پاشنوێخوازی دادەنرێت. لیۆتارد بە پلەی یەکەم لە بەرهەمە بەناوبانگەکانیدا بە ناوی (زانینی پۆستمۆدێرن و بارودۆخی پۆستمۆدێرن، ١٩٧٩) پێناسەی پاشنوێخوازی کردووە. «ئەم گێڕانەوە گەورانە توانای ڕوونکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی جیهانی مۆدێرنیان نەماوە. چیتر ڕاستییە گشتگیرەکان پێشکەش ناکەن، بەڵکوو تەنیا بنیاتنانی گێڕانەوەن». (لیۆتار: ١٩٧٩: ١٩٢)

ئەلگیرداس جولیان گریماس Algirdas Julien Greimas (١٩١٧-١٩٩٢) زمانزان و نیشانەناسێکی لیتوانی-فەرەنسی بوو، بە یەکێک لە گرنگترین نوێنەرەکانی بنیاتگەریی و نیشانەناسی سەدەی بیستەم دادەنرێت. گریماس بە تیۆری مۆدێلی ئەکتێنت(Aktantenmodell) و بەشدارییەکانی لە گێڕانەوەدا ناسراوە. لە توێژینەوە ئەدەبییەکان و لە شیکردنەوەی گوتارەکاندا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕێبازی بنیاتەگەرایی هەبووە. (مایستەر: ٢٠٢٠: ٢٦٤)

ژان بۆدریلارد Jeann Baudrillard (١٩٢٩-٢٠٠٧)

بۆدریلارد کۆمەڵناس و تیۆریستی کولتووری و فەیلەسوفی فەرەنسی بوو، کە بە یەکێک لە بیرمەندە گرنگەکانی تیۆری پاشنوێخوازی دادەنرێت. بۆدریلارد بە تیۆرییە توندڕەویی و وورووژێنەرەکانی سەبارەت بە کۆمەڵگەی ڕاگەیاندن و کولتوری بەکاربەر و سەروی واقیع ناسراوە. کارەکانی بە زۆری پەیوەندییان بە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، کە

هاو سەردەمی پاشنوێخوازی و گەشەسەندنی میدیایی و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بوون. بەتایبەتی تیۆرییەکانی لەبارەی سیمولاکرا_لاساییکەرەوە ( Simulacra) و سەروی واقیعەوە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر فەلسەفەی پاشنوێ خوازی و تیۆری کولتووری هەبووە.)گلاسەر :١٩٩٤ : ١٦٤(

## ژولیا کرستیڤا Julia Kristeva ( ١٩٤١ )

ژولیا کریستیڤا دەروونشیکار، زمانزان، ئەدیب و فەیلەسوفی فەرەنسییە. لەسالانی شەست کریستیڤا بوو بەبیرمەندێکی دیار لەبوارەکانی فێمینیزم و دەروونشیکاری و پاش-بنیاتگەرایی. لە ساڵی ١٩٤١ لە بولگاریا لەدایک بووە، دواتر رووی لە فەرەنسا کردووە، لەوێ وەک کەسایەتییەکی گرنگ لە پەرەسەندنی تیۆرییەکانی پاش ستراکتورالیزم و گوتاری فێمینیستدا جێگەی خۆی گرتووە. زۆرجار لەگەڵ تیۆریستە دیارەکانی دیکەی وەک میشێل فۆکۆ، جاک دێریدا و رۆلاند بارتدا ناوی کریستیڤا دێت، بەتایبەتی سەبارەت بەکارەکانی لەسەر نێودەق، نیشانەناسیی و دەروونشیکاری

بۆچوونەکانی کریستیڤا سەبارەت بە پاشنوێخوازی لە لە زۆربەی بەرهەمەکانی دا دەبینرێن:

"نامۆ بە خودی خۆمان" (١٩٩١) – کریستیڤا لەم کتێبەدا باس لە تەوەری نامۆ و ناسنامە لە پاشنوێخوازیدا دەکات، باس لەوە دەکات کە چۆن "بێگانە" هەم هەڕەشە و هەم دەرفەتێک بۆ گۆڕینی بابەتیی و کولتووری نوێنەرایەتی دەکات.[کرستیڤا: ١٩٩١: ٢٨٨]

گێڕانەوەی پاشنوێخوازی ئاماژەیە بۆ شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکان لە سەردەمی پاشنوێخوازی (لە دەوروبەری ساڵانی شەست). کاردانەوەیەکە بەرانبەر بە فۆرمەکانی گێڕانەوەی نەریتی نوێخوازی و بە چەندین تایبەتمەندی و شێواز تایبەتمەندە کە ئاڵنگاری گێڕانەوەی نوێخوازی دەکەن. گێڕانەوەی پاشنوێخوازی بە توندی لە ژێر کاریگەری بیرۆکەی وێرانکردن و پارچەپارچەبوون و سەروی خەیاڵ. ئەو پرسیار دەکات کە ڕاستی چییە و یاری بەو بیرۆکەیە دەکات، کە هەموو گێڕانەوەیەک تەنیا بنیاتنانەوەیەکە کە لە ژێر کاریگەری دیدگا بابەتییەکاندایە.

ئەدەبیاتی پاشنوێخوازی بە لادانێکی هۆشیارانە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوەی نەریتی و جەختکردنەوە لەسەر نێودەق بۆ ڕەتکردنەوەی دەقی جێگیر و نادڵنیایی و پارچەپارچەبوون و ناڕوونیی تایبەتمەندە. ئالنگاری خوێنەران دەکات کە چالاکانە بەشداری بنیاتنانی واتا و ڕاستی بکەن نەک تەنها وەک بەکارهێنەری پاسیڤی چیرۆکەکان مامەڵە بکەن.

## تەکنیکەکانی گێڕانەوەی پاشنوێخوازی کامانەن:

دوای دەیەی شەست و بڵاوبوونەوەی بیر و فەلسەفەی پاشنوێخوازی، بەشێک لە نووسەرانی ڕۆژئاوا کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم فەلسەفەیە. بیری پاشنوێخوازی لە نووسین و بەرهەمەکانی ئەو نووسەرانە ڕەنگیدایەوە، بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی لە دوای سالانی حەفتا و هەشتا بڵاوبوونەوە ئالنگارییەکی تازە بوو بەرانبەر بەرهەمی نوێخوازەکان، لە شێواز و تەکنیکی گێڕانەوەیان جیاواز بوو، لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکە کە پێش ئەوان، بڵاوببوونەوە لەڕووی بابەت و بیر و بنەما و تەکنیک و توخمەکانی گێڕانەوە، وەک گرنگیدان بە پوچگەرایی و ناسنامە و کولتوری جیاواز، نێودەق و گاڵتەجاڕی و فرەدەنگی و فرەکارەکتەری سەرەکی و دروستکردنی پرسیار و هێشتنەوەی ئەنجامی کۆتایی بەکراوەیی و ئاوێتەکردنی کێشەی فێمینستەکان و لێدان لە چەق خوازەکان، لادان لە گرێچنی و یەک هێلی گێڕانەوە، گومان لە لە ڕاستی، نەمانی هاوسەنگی و گونجان، گێڕانەوی گەورە و لێکدانی توخمەکان. بەرهەمە دیارەکانی پاشنوێخوازی ڕۆمانی (ناوی گوڵ Der name der Rose)ی ئێمبەرتۆ ئێکۆ Umberto Eco . ڕۆمانی (عەتر Das Parfum)ی پاتریک زوزکیند patrik Suskind، ڕۆمانی پسیشیۆی ئەمریکی American psycho)ی برێت ئیستۆن ئیلاس Bret Easton Elas، ڕۆمانی (چیرۆکی بێ کۆتایی Die unendliche Geschichte)ی میشێل ئێندە Michel Ende ، ڕۆمانی ((ئەگەر گەشتیارێک لە شەوێکی زستاندا Wenn in einer Winternacht ein Reisender)ی ئیتالۆ کالڤینۆ Italio Kalvino. ئەوانە و چەندان بەرهەمی دیکە پێشەنگی ئەو بەرهەمانە بوون کە بە تەکنیک و بابەت و شێوازی پاشنوێیی هاتنە ناو ئەدەبیاتی جیهان و دەنگدانەوەیەکی گەورەیان لە دوای خۆیان دروستکرد. لێرەدا باسی یەکێک لەو

تەکنیکانە دەکەین کە بە بنەما و تەکینکی ڕۆمانی پاشنوێیی ناسراون، ڕۆڵ و گرنگی و پێناسەکردنی لە لایەن بیرمەند و تیۆردانەرانەوە.

**نێودەق**

زاراوەی نێوادەق بۆ یەکەمجار لە ساڵانی شەست لەلایەن زانای ئەدەب بە ڕێچەڵەک بولگاری-فەرەنسی (ژولیا کریستیڤا) ناسێندرا. ئەو ئەم زاراوەیەی وەک بەشێک لە کارەکانی لەسەر تیۆری ئەدەبی پێکهاتەیی پەرەپێداوە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی شیکاری دەروونی و نیشانەناسیدا.

ژولیا کریستیڤا لە بەرهەمەکەیدا بە ناوی (نیشانەناسی لە ساڵی ١٩٦٦)دا زاراوەی نێودەقی داهێناوە. ئەو دەستەواژەیەی ناساند و ئەو بیرۆکەیەی ڕوونکردەوە، کە هەموو دەقێک هەمیشە لە دیالۆگدایە لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا، مانا تەنها لە یەک بەرهەمەوە نایەت، بەڵکوو لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ بەرهەم و گوتارەکانی دیکەدا دروست دەبێت.

هەروەها میخائیل باختین Michail Bachtin(١٨٩٥-١٩٧٥) تیۆردانەری[7] ئەدەبی ڕووسی، ئامرازی پەرەپێدانی تیۆری نێودەقی هەبووە، هەرچەندە ڕاستەوخۆ دەستەواژەی "نێودەق"ی بەکارنەهێناوە لە کارەکانیدا سەبارەت بە دیالۆگ و فرەدەنگی (پۆلیفۆنی) بەتایبەت لە کتێبی (کێشەی کرۆنۆتۆپەکان و جوانیناسی ڕۆمان)دا، بناغەی تیۆری بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان وەک بەشێک لە "دیالۆگێک" لە نێوان دەنگ و گوتارە جیاوازەکاندا دانا، کە دواتر بە ناوی نێودەق Intertextualität ناسرا.

نێودەق لە گێڕانەوەی پاشنوێی و ڕەنگدانەوەی ئەو بیرۆکەیە، کە ئەدەب هەمیشە پەیوەندی بە بەرهەمەکانی دیکە و شوێنەوارە کولتوورییەکانەوە هەیە. ئەدەبیانی پاشنوێی وەک تۆماس پینچۆن، ئومبێرتۆ ئیکۆ، خۆرخی لویس بۆرخێس، دەیڤید فۆستەر والاس و چەندین کەسی دیکە، ئاماژەی نێودەقیان بەکارهێناوە و درێژیان کردەوە بۆ دروستکردنی تۆڕی ئاڵۆزی واتا کە دەبوو لەلایەن خوێنەرانەوە شیبکرێنەوە. کریستیڤا لەکتێبی (سیمۆتیکی: لێکۆڵینەوە بۆ شیکاری سیما (١٩٦٦) زاراوەی نێودەقگەرایی داهێنا و لە چوارچێوەی شیکاری دەروونی و نیشانەناسیدا واتای ئەو زاراوەیەی ڕوونکردەوە.

ڕۆلاند بارت Roland Barths لە (مردنی نووسەر ١٩٦٨)دا زیاتر ئەو بیرۆکەیەی پەرەپێدا کە نووسەر تاکە سەرچاوەی واتا نییە. «مانای دەقێک لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا دروست دەبێت. "نووسەر" دەخاتە ژێر پرسیارەوە و جەخت لەسەر گرنگی خوێنەر و تۆڕەکانی نێودەق دەکاتەوە لە دروستکردنی واتادا. ئەدەب هەمیشە دیالۆگێکە لە نێوان دەقەکاندا و بەرهەمی تاکە نووسەرێک نییە». (بارت:١٩٦٧: ١٠)

لە گێڕانەوەی پاشنوێیدا، نێودەق تەنها بە واتای ئاماژەدان بە بەرهەمە ئەدەبیەکانی دیکە نییە، بەڵکوو زۆرجار بە واتای هەڵوەشاندنەوە و ڕێککەوتن و گفتوگۆیەکی ڕەخنەگرانەیە لە مێژووی ئەدەب و کولتوور. ئەم بەرهەمانە بە ئاماژەی نێودەقەکان بۆ ئەوەی نەریتەکان بخەنە ژێر پرسیار و گاڵتەجاڕی یان دووبارە لێکدانەوەی. (هاچۆن: ١٩٨٨: ٦٠)

تەکنیکی نێودەق لە گێڕانەوەی پاشنوێخوازی لە ڕۆمانی کوردیدا

ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران) بەختیار عەلی بە نموونە.

**نێودەق:**

لەم ڕۆمانەدا تەکنیکی نێودەق بەشێوەیەکی سەرەکی کاری لە سەرکراوە بە هەردوو جۆرییەوە نێودەقی دەرەکی و نێودەقی ناوەکی بەکارهێناوە. «نێودەقی دەرەکی: لەم جۆرەدا دەقی ئەدەبی سوود لەو کۆمەڵە هێمایانە وەردەگرێت، کە لەوەوپێش دامەزراون. نێودەقی ناوەکی لەم جۆرەدا دەقی ئەدەبی بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە و ئەو بەرهەمانە بەکاردەهێنێت کە لەوەوپێش بەکارهێنراون». (ئەڵوەنی ٢٠١٢: ٥٣).

لەم پەرەگرافەدا نێودەقی دەرەکی ئاوێتەکردووە بە وەرگرتنی ئایەتێکی قورئان، «ئەو سەر بە تاقمێک بوو باوەریان وابوو جگە لە قورئان و کەلامی خودا ئەم شارە پێویستی بە هیچی تر نییە»

«بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِي» (قورئانی پیرۆز، سورە بەقرە، ایە ٢٠٨)**

لە پەرەگرافێکی دیکەدا کە حاکم بە خەندەوە دەڵێ: «مامۆستای گەورەمان، من زانیاریی ئەوەم نییە لە خودا تێبگەم، بەڵام دڵنیام هێزێک لە ناختدایە لە ئێوە بەهێزترە و گەورەترە ئەم کارەتان پێدەکات، ئایا ئەوە هێزی ئیمان و تەقوایە، یان هێزی ئارەزوو و غەریزەیە؟ نازانم، ڕەنگە تێکەڵەیەکی ترسناک بێت لە هەردووکیان» خەتیب مەچەکی حاکمی بەردا و سەری بەرەو سەرەوە بەرزکردەوە

« يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ».

(قورئانی پیرۆز، سورە التغابن، ایە ٤) ڕۆماننووس ئەم دەقە پیرۆزەی ئاوێتەی دەقەکەی خۆی کردووە یەکتر تەواو دەکەن و بەیەکەوە پرسیار لای خوێنەر دروست دەکەن. هەردوو دەقەکە دەقێکی نوێیان بەرهەمهێناوە،

لەم پەرەگرافە کاری لەسەر نێودەقی ناوەکی کردووە کە دەڵێ: ئەو چرکەساتە بە هەر جۆرێک بێت فریای زۆزان دەکەوێت نەبێتە بکوژ. کاتێک شەمدۆ داوا لە زۆزان دەکات وێنەکە بسوتێنێت توورە دەبێت و دەڵێت: « ئەمە وێنەیەی دایکمانە بەو جۆرەی کە بووە و بەو جۆرەی کە خوا خەڵقی کردووە، بەو جۆرەی باوکمان عاشقی بووە و بۆی مردووە، ئەم وێنەیە دەبێت بمێنێت وەک خۆی، بێ ئەوەی شەرمی لێ بکەین بێ ئەوەی لێ بترسێن. شەمدۆ تۆش وەک باوکم، وەک مامەکانم بیر دەکەیتەوە. پیاوان هەمووتان هەر وا ترسنۆکن و بێ شەرەفن یان بەس تۆ وایت، تۆ هەتا باش سەیری وێنەکەی دایکمت نەکردووە و دەتەوێت بیسوتێنیت» (عەلی ٢٠٢٤: ٢٣). لێرەدا جارێکی دیکە ڕۆماننووس سوودی لە چیرۆکە ئایینییەکان وەرگرتووە، کە مرۆڤ سەرەتا بە ڕووتی لە دایک دەبێ، هەروەک چۆن ئادەم و حەوا ڕووتی بوون، دووبارە دەقێکی نوێ بەرهەمهاتووە بە تێکەڵکردنی چیرۆکی لەدایک بوون، کە کاری خودایە، بۆ پیشاندان و ورژاندنی بابەتێکی دیکە لای خوێنەر.

«هاوار، تا دەمرم باجی چرکەیەک خۆشەویستی ڕاستەقینە دەدەم بۆ ژنەکەم. هاوار» (عەلی ٢٠٢٤: ٤٢). لێردە بەها کۆمەڵاتییەکانی کوردەواری و چیرۆکە خۆشەویستییەکان پیشاندەدات لەنێو دەقێکی تازەدا.

لەم دەربڕینەشدا بە هەمان شێوە سوودی لە نێودەقی ناوەکی وەرگرتووە:

«ماسییەکی گێلم و قولاپێکم لە لێوم گیربووە، جگە لەوەی دوای قولاپەکە بکەوم ڕێگای ترم لە بەردەمدا نییە» وای بە خۆی گوت. (عەلی ٢٠٢٤: ٤٣).

لە لاپەڕە (٨٥) خەتیبی گەورە هەر سەیری بنمیچەکەی دەکرد و دەیگوت: « دەبێت ئەو ژنە بدۆزنەوە و ڕێنمایی بکەین لە ژێر چەپۆکی شەیتان بێتەدەرێ، ڕێنمایی بکەی دووبارە ڕێگای پاکی بناسێت... ئەوە وەزیفەی منە، یارمەتیم بدە».(سەرچاوەی پێشوو)

لەم پەرەگرافە ڕۆماننووس سوودی بنەماکانی ئایین و سەربازی وەرگرتووە و ئاوێتەی دەقەکەی خۆی کردووە بۆ درستکردن و دامەزراندنی دەقەکی نوێ. لەو کاتەی حاکمی عەسکەری بە پێڵاوە چووە ژوورەوە « داوای لێبووردن لە مەقامی باڵاتان دەکەم، بێگومان خودای گەورەمان دەزانێت، من وەک ئەفسەرێک لە کاتی فەرماندا ناتوانم پێڵاوەکانم دابکەنم» خەتیبی گەروە شەرمیکرد و هیچی نەگوت، ئینجا حاکمی عەسکەری « ئاە جەنابی پایەبەرز، ئەوە زۆر ڕاستە، ئەگەر وەک ئەفسەرێکی بێحورمەت سەیرم نەکەیت، من کاتێک دەچمە هەر جەنگێکەوە، ئەوەندە بیر لە سەرکەوتن دەکەمەوە ئەوەندە بیر لە خودا ناکەمەوە، تا ئەندازەیەک دڵنیام ئەگەر بدۆڕێم خوداش پشتم تێدەکات»(عەلی ٢٠٢٤: ١١٩)

هەروەها لەم پەرەگرافە و لە کاتی نووسینی نامەکەی خەتبی گەورە بۆ مفتی دەوڵەوت:

«بە ڕێگاوە بەرەو سەنگەسار ئەو ژنە بەردەوام منی وەک جانەوەر و بێویژدان و نەخۆش وەسفدەکرد. وەک نموونەی پیاوێک کە ئاژەڵ وام و جگە لە شتێک کە وەک بزمار بەسەرمدا چەقیوە ناتوانم هیچی تر ببینم. لە مەیدانی سەنگەساردا من خۆم یەکەم بەردم تێگرتن. ئەوەی مەسیح دەفەرموێت کامەتان بێگوناهن با یەکەم بەردی تێبگرێت. من بووم». (عەلی ٢٠٢٤: ١٧٤). دووبارە نێودەقی دەرەکی بەکارهێناوە لە ڕێگای شێوازی نامەنووسین و تێکەڵکردنی لەگەڵ دەقی ڕۆمانەکە.

لە لاپەڕە (١٨٤) بۆ دۆزینەوە وێنەی گێلاس تا وەک بەڵگە بۆ دادگای خەتیبی گەورە بەکاری بێنن موعتەسەم بە قاسمی گوت: «قاسم گوێبگرە، داواکمان هەیە لێت هەیە، لێمان مەکە بە شیری چۆلەکە». لەم پەرەگرافە بەهەمان شێوە سوودی لە پەندی کوردی وەرگرتووە وەک نێودەقی ناوەکی بەکاری هێناوە. (عەلی ٢٠٢٤: ١٨٤)

**ئەنجام:**

١-لە ڕۆمانی کوردیدا تەکنیکی گێڕانەوەی پاشنوێخوازی هەیە و تەکنیکەکانیان بەکارهێناوە، ئەم نموونانەی لەو توێژینەوەیەدا وەرگیراون بەڵگەن بۆ بوونی تەنیکی گێڕانەوەی پاشنوێیی.

٢-تەکنیکی نێودەق وەک تەکنیکێکی سەرەکی بەکارهاتووە لە ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران) زۆر بەوردی سوودی لە هەردوو جۆری نێودەق وەرگرتووە.

٣- ڕۆمانی (نەفرەتی نەوبەهاران) زۆربەی بابەتەکانی لە ڕێگەی تەنکنیکی گاڵتەجاری و پوچی و پارچە پارچەکرد دەگێڕێتەوە، بەڵام تەکنیکی نێودەق بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بۆیە تەنیا نموونەی نێودەق لەم ڕۆمانە وەرگیراوە.

٤- لە ڕۆمانی نەفەرەتی نەوبەهاران، تەکنیکی نێودەق زۆر بە کارامەی کاری لەسەرکراوە بەمەش توانیوەیەتی ڕۆمانی کورد وەک ڕۆمانی پاشنوێی بناسرێت، چونکە جگە لە تەکنیکی نێودەق کە ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر کردووە، تەکینیکەکانی دیکەشی بەکارهێناوە وەک (پارچە پارچە، فرە دەنگی، ناسنامە، گاڵتەجاڕی و میتافیکشن).

## سەرچاوە بە زمانی کوردی:


- قورئانی پیرۆز
- . ئالێن سوکال، ژان برک مۆنت، ٢٠٠٧،بنەماکانی پۆستمۆدێرنیزم، وەرگێڕانی،هادی محمەدی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
- حەمە، ئازاد،٢٠٠٢، بیری پۆست مۆدێرن، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر.
- کەمال، محەمەد، ٢٠٢٢، نیچە و پاش تازەگەری، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ مهاباد
- کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢٤، فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی وەرگێڕانی، ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل
- کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٧، ڕەخنەی ئەدەبی هونەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی، وەرگێڕانی، چەند وەرگێڕێک، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی
- کۆمەڵێک نووسەر،٢٠١٧، یورگن هابرماس تیۆری کرداری پەیوەندیخواز، وەرگێڕانی، چەند وەرگێڕێک، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی
- کۆمەڵێک نووسەر،٢٠١٧، پۆست مۆدێرنە سەردەمی گۆڕانی هەڵبژاردنە بێشومارەکان، وەرگێڕانی، چەند وەرگێڕێک، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی
- عەلی، بەختیار، ٢٠٢٤، نەفرەتی نەوبەهاران، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپی یەکەم، سلێمانی
- عومەر، سلاح، ٢٠١٠، ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازوە، دەزگای موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان هەولێر.
- ڕۆژبەیانی، زاهیر، ٢٠١١، کاروباری گێڕانەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
- کاکەسوور، کاروان عومەر، ٢٠٢١، مۆزەخانەی کورەقژدرێژ، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاشتی، چاپی یەکەم تاران.


**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی**


- یمنی العید، الراوی،الموقع و الشکل، موسسە الابحاث العربیە، بیروت، التبعە الاولی ١٩٨٦


**- سەرچاوە بە زمانی ئەڵمانی:**


– Klaus J. Milich. Die Frühe Postmoderne, Geschichte eines europäisch-amerikanischen kulturkonfilkts.
– Theodor W. Adorno. 1969 Minimal Moralia.Bibliothek Suhrkamp.
– Habermas Jrgen. 1983 Der Eintritt die Postmoderne. Merkur, Nr.421.
– Garners, H, 1997 gibt es eine postmoderne deutsche Literatur? In Literatur für lese,.Hg. Bullivant.
– Lyotard, Jean-François, 1985 Grabmal des Intellektuellen, Graz und Wien,
– Eberhard Lämmert, Justus Fetscher u. Jürgen Schutte (Hrsg.): 1991 Die Gruppe 47 in der Geschichte der Bundesrepublik. Königshausen & Neumann, Würzburg.
– Stanislav Andreski, Social Sciences as Sorcery (1972, p.90)
– Peter v. zima. Moderne- Postmoderne. 2014. 238.
– Wolfgang Welsch 1994 Wege aus der moderne, Schlsseltext Postmoderne – Diskussion.
– Andre Reichert, Jaime de Salas, Ulrich Johannes Schneider 2012 Nietzsche und die Postmoderne.. Leipziger Univerlag
– Andreas Schuster. Eberhard-Karls-2006 Eintritt in die Postmoderne: Nietzsche als Drehscheibe. Uni Tübingen.

– Thomas Docherty (1993), Postmodernism: A Reader“eine Sammlung von Aufstzen über die Postmoderne aus verschiedenen Disziplinen.
– Jean-François Lyotard (1979), „The Postmodern Condition: A Report on Knowledge“in dem Lyotard die postmoderne Skepsis gegenüber der großen Erzählung und objektivem Wissen darstellt.
– David Harvey „Die Postmoderne und die Politik“ (1990), ein kritischer Blick auf die postmoderne Gesellschaft und ihre Auswirkungen auf die Politik.
– Habermas J (1981) Theorie des kommunikativen Handelns (- Frankfurt aM: Suhrkamp, 1988)
– WIFRIED BARNER. Geschichte der deutschen literature von 1945 bis zur Gegenwar. C.H. Beck Verlag, München 2006
– Genette, Gérard, Palimpseste: Die Literatur auf zweiter Stufe. Übersetzt von Dieter Hornig. München: Fink Verlag, 1993.

## تقنية التناص في السرد في مرحلة ما بعد الحداثة في الرواية الكردية نموذجا

**باهوز عبدالله مصطفى**
قسم اللغةالكوردية، كلية اللغة،جامعة الصلاح الدين–أربيل،
إقليم كوردستان ،العراق
bahusmostafa79@gmail.com

**محسن احمد عمر**
قسم اللغةالكوردية، كلية اللغة،جامعة الصلاح الدين–أربيل،
إقليم كوردستان ،العراق
mohsen.omer@su.edu.krd

**الملخص**

إنه محاولة لتقديم مفهوم ما بعد الحداثة وتعريفه في الروايات الكردية. وتوضيح هذا المفهوم وتاريخ نشأته وكذلك تقديم عدد من مفكري ما بعد الحداثة ومن ثمّ تحليل تقنية (التناص) وتعريفها في السرد ما بعد الحداثة وايراد الامثلة في الروايات الكردية. وانّ طريقة البحث وصفية –تحليلية وذلك استنادا الى وجهات نظر مفكري ما بعد الحداثة وبعد ذلك اوردنا نماذجا للموضوع وتمّ تحليلها. ان مشكلة البحث حتى الآن هي أنه لم يتمّ العمل حسب اللزوم على ما بعد الحداثة وتقنية السرد ما بعد الحداثة وتعريفهما وليست هناك مصادر لازمة في هذا الصدد. الهدف من هذا البحث هو ايلاء الأهمية بتعريف ما بعد الحداثة وتقنية السرد ما بعد الحداثة في الروايات الكردية وكشف وعرض جوانبها المخفية. وفضلا عن ذلك, استطعنا ان نصل الى هذه النتيجة بأنّ الروايات الكردية قد عملت على نطاق محدود بتقنيات ما بعد الحداثة. وثانيا: انه تمّ العمل بشكل فنيّ على تقنية التناص في الروايات الكردية وخاصة في النماذج المقدمة في هذا البحث وثالثا : تمت الاستفادة من نوعي تقنية التناص الداخلي والخارجي في عدد من الروايات الكردية. ورابعا: قد استطاعت بعض الروايات الكردية اعلاء المستوى الفنى للروايات الكردية من خلال استخدام تقنيات السرد ما بعد الحداثة.

**الكلمات المفتاحيية:** الاستماع،رواية،حفرة،ثقافة،سياق

## Techniques in Postmodern Narrative: A Case Study of the Kurdish Novel

**Bahoz Abdullah Mustafa**
Department of Kurdish Language, Collegof Languages,
Salahaddin University-Erbil, Kurduistan Region, Iraq
bahusmostafa79@gmail.com

**Muhsin Ahmad Omer**
Department of Kurdish Language, Collegof Languages,
Salahaddin University-Erbil, Kurduistan Region, Iraq
mohsen.omer@su.edu.krd

**Abstract**

This research, titled Intertextual Techniques in postmodern Narrative: A Case Study of the Kurdish Novel, aims to introduce and define the concept of postmodern, trace its historical emergence, and highlight key postmodern thinkers. It further explores the technique of intertextuality within postmodern narratives, with specific reference to selected Kurdish novels.

The study employs a descriptive and analytical methodology, grounded in the perspectives of postmodern theorists. It addresses a significant gap in Kurdish literary scholarship, namely the limited exploration and understanding of postmodern and its narrative techniques, particularly intertextuality. The primary objective is to uncover and analyze the presence and function of intertextuality in Kurdish novels and to shed light on the underexplored dimensions of this technique.

The findings of the study can be summarized as follows: (1) Postmodern narrative techniques have been employed in Kurdish novels, albeit to a limited extent. (2) The technique of intertextuality has been utilized in an artistically meaningful way in several Kurdish works, especially in the chosen case study. (3) Both internal and external forms of intertextuality are evident across different texts. (4) The incorporation of postmodern narrative techniques has contributed to elevating the artistic quality of Kurdish literature.

**Key words:** Preface, Novel, Essay, Culture, Interlude.